# پرۆسەیەکی چەواشەکارانە و ئەنجامێکی شەرمنۆکانە

هیدایەت مەلا عەلی
2005ـ10ـ25

ئەمرۆ 25ـ10ـ2005 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لەشاری بەغدا "حەمدیە حوسەینی و فەرید ئایار "ئەنجامی ئەو ڕیفراندۆمەیان ڕاگەیاند کە ڕۆژی 15ـ10ـ2005 بۆ ڕەشنووسی دەستوری عێراق ئەنجامدرا . من لێرەدا نامەوێت باسی پرۆسەی ڕیفراندۆم بۆ دەستوور بکەم چونکە پێشتر قسەمان لەسەر کردو , خەڵکیش بەکردەوە کەلێنێکی گەورەیان خستە نێوان خۆیان و بەرژەوەندیە شەخسی و حیزبیەکانی ئەوانەی بانگی زۆریاندا بۆ بەشداری کردن لەم ڕیفراندۆمەدا . "حەمدیە و ئایار "بەقەولی خۆیان پرۆسەکەیان سەرکەوتوو هەڵسەنگاند و ڕێژەی بەشداربووانی عێراقیان بە" بەڵێ " بە40, 78٪ مەزەندە کرد, خەڵکی عێراق و کوردوستان لە دوو هەڵوێست و لە ماوەی 15 ڕۆژدا نیشانی دەسەڵاتداران و تەواوی ئەحزابی قەومی کورد , عەرەب , مەرجەع , هەیئەی عولەما , حەکیم , جەعفەریاندا کە بەرژەوەندی خەڵك و مفتەخۆرەکانی ئێستای دەسەڵات لە عێراق و کوردوستان جیاوازە , هەموومان بینیمان کە چۆن لە ژێر ئەو هەموو فشارو تەبلیغاتە بێ ناوەڕۆکانەدا خەڵکی بە پێچەوانەی ئیدعاکانی دەسەڵاتەوە بەرخوردی لەگەڵ ڕیفراندۆم و دەنگدانی بۆ دەستوور کرد , بەتایبەت لاوان توانیان مۆری نەفرەتی خۆیان لەم دەستوورە بدەن , دەسەڵاتداران زۆر هەوڵیاندا دەنگی " نا "ی ناڕەزایەتی خەڵك بە دەستوور تێکەڵ بە هاتووهاواری " موتڵەگ و حارس زاری " بکەن بۆ دەسەڵات , بەڵام ئەم هەوڵە شکستی هێناو, دەرکەوت" موتڵەگەکان و حارسەکان " کێشەیان بێمافی و دژە ئینسانی دەستوور نییە , بەڵکو ئەوان شیوەنی هەریسەکەی خۆیان دەکەن . ئەوەی کە من ئەمەوێت ئێستا قسەی لەسەر بکەم پەردەیەکی تری ئەو شانۆگەریە ڕەشەیە کە ئەمڕۆ هەڵدرایەوە , شانۆگەری ئەنجامی ڕیفراندۆم بۆ ڕەشنووسی دەستووری عێراق , ئەم شانۆگەریە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی شکستیان هێنا , ئەوەی بردیەوە تەنها تەماشاکەران و ئەوانەبوون کە بە ژیانی ڕۆژانەیان و هەڵوێستی خۆڕسکیانەوە جارێکی تر وەك ڕیفراندۆمی دەستوور , ئەنجامی ڕیفراندۆمی دەستووریشیان ڕسوا کردو , کەلێنی نێوان خەڵك و دەسەڵاتیان ئەوەندەی تر گەورە کرد دەسەڵاتداران هەمیشە بەناوی خەڵکەوە قسەدەکەن و دەیانەوێت قازانجەکانی خۆیان , بە بەرژەوەندی خەڵك بقەبڵێنن بەڵام خەڵك بەکردەوە ئەو پیلانانەی دەسەڵاتدارانیان پووچەڵ کردەوە .

ئەمڕۆ کە ئەنجامی ڕیفراندۆم بۆ دەستوور ڕاگەیەنرا من بەووردی بەدواچوونی هەموو کەناڵە ئاسمانیەکان و زۆربەی سایت و بڵاوکراوەکانم کرد , لەیەك شوێن نەمبینی دەسەڵاتداران بتوانن شانازی بەوەوە بکەن کە خەڵکی لە خۆیەوەو لە ئەنجامی سەرکەووتنی ڕیفراندۆم هاتوونەتە سەر شەقامەکان و تەعبیریان لە خۆشی و دڵشادی خۆیان کردبێت , لە کاتێکدا هەمووومان ئاگادارین لە تەواوی دنیادا ئەو پرۆسانەی کە قازانج و بەرژەوەندی خەڵکی تیا دەپارێزێت و بە ئەنجام دەگات بەبێ هیچ بانگەوازێك خەڵکی بۆی دێنە سەر شەقام و ئاهەنگ دەگێڕن . لە کاتێکدا خەڵك خۆی ئەمەی نەکرد دەسەڵاتداران زۆر شەرمنۆکانە دەیانەوێت لە بەغدا بەناوی خەڵکەوە ئاهەنگ بگێڕن و ئەم شکستەی خۆیان وەك سەرکەوتنی خەڵك لەقەڵەم بدەن , من دڵنیام بۆ قەرەبووی ئەم شکست و ناڕەزایەتیە ئارامەی خەڵك بە ئەنجامی ڕیفراندۆم , دەسەڵاتداران نمایشێك دەکەن بەڵام ناتوانێت تەعبیر بێت لە خواست و ئیرادەو حەز و ئارەزووی خەڵك .

خەڵکی کوردوستان و عێراق ڕۆژانە بە کردەوەکانیان نیشانی دەدەن کە ژیانێکی جیاوازیان دەوێت لەوەی کە دەسەڵاتداران بۆیان کێشاون , ڕۆژانە خەڵك بە ناڕەزایەتیەکانیان نیشانی دەدەن هیوایەك کە هەیانە لە سایەی دەسەڵاتی ئەم قەومی و مەزهەبیانە بەدەست نایەت , ڕەوەندی شکستی پرۆژە دژی ئینسانیەکانی پێکهێنەرانی سیناریۆی ڕەش بەرێوەیە با ئێمەش بەرەی ئازادیخوازی و سیناریۆی سپی بەهێز بکەین .